# فڕگەی هەولێرو کێشەی هاتووچۆی میوانانەکانی



دروست کردنی فڕگەی نێودەوڵەتی هەولێر یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی ئەم سەردەمەیە، هەروەها ڕۆڵی بەرین و بەرچاوی خۆی لە ناساندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوە بردووە. ئەم فڕگەیە لە بوارە جیاکانی دیپلۆماسی، بازرگانی و گەشتوگوزاردا پردێکە لە نێوان کوردستان و وڵاتانی دیکەی جیهان.

هەرچەند بیرۆکەو دروست کردنی فڕگەی هەولێر خاڵی پۆزەتیڤی خزمەت گوزاریەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەو کەسانەی بە فڕۆکە هاتووچۆ دەکەن و لە فڕگەی هەولێر دادەبەزن و سەردەکەون تا چ ڕادەیەک لە خزمەت گوزاریەکانی ڕازین؟

ئەمە پرسیارێکە دەمانەوێ لەم ڕاپۆرتەدا وەڵامی بدرێتەوە"

**ئاکام** کە بۆ پێشوازی لە هاورێکەی هاتبووە بەردەم فڕگەی نێودەوڵەتی هەولێر، ڕەخنەی زۆری هەبوو، گوتی:"بەمە دەڵێن فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر؟! لە کاتێکدا شوێنێکی تایبەتی بۆ چاوەڕوان کردنی میوانانی نییە و لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان، دەبێ پێشوازیکەران هەموو لە یەک شوێندا چاوەڕوانی ئەو پاسە بکەن کە میوانەکان دەهێنێت، هەروەها بۆ چوونە ناو شاریش تەنیا دەبێت بەو تاکسییانە هاتووچۆ بکەن کە لە ناو فڕۆکەخانەکەدان و ئەوانیش بۆ گواستنەوەی میوانەکان پارەیەکی زۆریان لێ وەردەگرن.'

**بەکر محەمەد** کە لە سوریا گەرابۆوە، ماندوویی بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، جانتاکانی لە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، نەک هەر بێزار بوو، بەڵکو ڕەخنەیەکی زۆری لە نەبوونی خزمەتگوزای هاتووچۆ بۆ میوانان گرت گوتی: "نرخی گواستنەوەی ڕێبوارەکان زۆر گرانە بۆ نموونە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیای Hello کە بۆ گواستنەوەی میوانەکانان تا بەر دەرگەی فڕۆکەخانە دابین کراون بۆ ئەو ڕێگەیە30 دۆلار وەردەگرن، ئەمەش پارەیەکی زۆرە، دڵنیام ئەو کەسانەی بۆ جاری دووەم ڕێیان دەکەوێتە ئەم فڕۆکەخانە ئۆتۆمبیلەکانی کۆمپانیای Hello ناگرن و بە پاسەکانی فڕۆکەخانە هاتووچۆ دەکەن"

هەروەها بەکر لە ئیدامەی قسەکانی ئاماژەی بەو تاکسییانە کرد کە بۆ هاتووچۆی میوانەکان دیاری کراون، گوتی: "ئەو تاکسییانە پارەیەکی زۆرمان لێ وەردەگرن، بۆ گەیاندنمان داوای 15 تا 25 دۆلار دەکەن، ئەمەش خەیاڵییە"

زۆربەی میوانان و ڕێبوارەکان دەیانگوت: ئەگەر بتەوێ ئەو تاکسییانە ڕابگری کە موسافیر بۆ فڕۆکەخانە دەهێنن ، شۆفێری تاکاسییەکانی بەر دەرگەی فڕۆکەخانە ڕێگەی پێدەگرن و ناهێڵن ئەو نەفەر سوار بکەن، بەڵام نازاندرێ ئەو کێ ئەو ماف و دەستەڵاتەی پیان داوە؟!

**شوان عەزیز** کە پیاوێکی بە تەمەن و بە ئەزموونە بە پێکەنین و ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: "من زۆر سەفەر دەکەم، کاتێک لە سەفەر دەگەڕێمەوە، بەردەوام تا لای پرسگەی ئاسایشی فڕۆکەخانەکە بە پێ دێم و لە وێوە تاکسی دەگرم، چونکە کەم ترم لێ وەردەگرن."

**مینا خدر** کە ژنێکی خوێندەوارە ئاگای لە قسەکانمان بوو، ئەویش گوتی:" ئەی ئێمە کە ئافرەتین و جانتای زۆرمان پێیە دەبێت چی بکەین؟! ئەگەر خزم و کەسمان بە ئۆتۆمبیل بە دواماندا نەیەن هەر گرفتار دەبین.

لەو کاتە دوو شۆفیرمان بینی کە پێکەوە دەمەقاڵەیان بوو، کاتێک لە یەکیانمان پرسی: " ئەوە لەسەر چییە؟" یەکێکیان گوتی: "ئەو بنەماڵە دەستیان لێ بەرز کردمەوەو دەیانەوێ بۆ ناو شار بیان بەم،بەڵام شۆفیری ئەو تاکسیەی تر دەڵێت گەر هەڵیان بگریت شکایەتی ئاسایشت لێ دەکەم، چونکە ئێرە شوێنی ئێمەیە"

شۆفیری ئەو تاکسییەی کە قسەی بۆ کردین بەو خێزانەی کە دەستیان لێبەرز کردبۆوە، دەیگوت: "وردە وردە بەرەو خوار وەرن، کە تۆزێک دوور کەوتنەوە سوارتان دەکەم، چونکە ئەم پیاوە ناهێڵێت لێرە نەفەر بار بکەم"

**بەرزان حەسەن**، کە یەکێک لە پۆلیسەکانی فڕۆکەخانەی هەولێرە، دەڵێت: "ئێمە ڕۆژانە گیروگرفتی وامان زۆر هەیە و موسافیرەکان دێنە لامان و گلەی لە نرخی گواستنەوەی تاکسییەکانی شەریکەی هەلۆ دەکەن و ناڕازین لەوەی کە ناتوانن تاکسییەکانی تر بە خواستی خۆیان بگرن، چونکە شۆفیرەکانی تر ڕێگەیان پێ نادەن."

یەکێک لە شۆفیرەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر کە داوای لێ کردین ناوی نەهێنین، سەبارت بەم کۆمپانیای گواستنەوە گوتی: "کاتی خۆی کۆمپانیایەک هات و ئێمەش پێمان گوت دەبێت 20%ی داهاتەکەتان بدەن بە ئێمە و ئێمەش لە بەرانبەردا بە نرخێکی هەرزان بەنزینیان بۆ دابین دەکەین و ناهێڵین هیچ تاکسییەکی تر لێرە کار بکات تا هەموو داهاتی گواستنەوەی فڕۆکەخانە بۆ ئەوان بێت، بەڵام تاکو ئێستاش هیچ خزمەت گوزاریەکمان لەو کۆمپانیاوە نەبینیوە بۆیە هەم ئێمە و میوانەکانیش سەبارەت بە نرخی گواستنەوە و هاتووچۆ کردن ڕەخنە و گازەندەمان لەم کۆمپانیا هەیە"

کەسێک کە هاوڕێی باوکە نەخۆشەکەی لەسەفەر دەگەڕایەوە، ڕاشکاوانە پێمانی گوت :" بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی باوکم ناچاربووین بچینە وڵاتێکی دراوسێ، ئەمە چوارەمین جارە ڕێمان بەم فڕگەیە دەکەوێ، هەموو جارێک دەڵێین قەیدی ناکات، باشتر دەبێ، بەڵام بڕواتان هەبێ، نەک هەر باش نەبووە خراپتریش بووە، ئاخر باوکم ناتوانێ سواری پاس بێ، ناچار کە جانتاکانمان وەردەگرین دەبێ تاکسی بگرین، تاکسیش 20 تا 30 دۆلارمان لێوەردەگرێ، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ تاکسی ئاسایی 10 بەرانبەرە، لێرە بەس موسافیر زەرەر ناکات، بەڵکو ئەو خاوەن تاکسیانەش زەرەر دەکەن کە دێنە بەر دەرگە و دەیانەوێ کار بکەن، ئەگەر ئەو کۆمپانیایە هی خۆیان نەبێ ئەوها دەستەڵاتی موتلەقی پێنادرێ؟!

یەکێک کەدیار بوو زۆر داخبار بوو بۆخۆی لێمان هاتە پێش و گوتی : " کاکە ئەمانە پشتیان هەیە، بێگومان کۆمپانیاکە هی بەرپرسێک یان پشکی بەرپرسێکی گەورەی تێدایە، دەنا هەرگیز ئاوا بێ منەت نابن، ئەوان لەجیاتی خزمەتی موسافیرەکان بکەن، کەچی لووت بەرزانە کێشە گرفت دروست دەکەن، ڕزقی خەڵکی دەبڕن، هەڵبەت ئەگەر کەسێکی بەهێزو دەستەڵاتدار لەپشتیانەوە نەبێ، ناتوانن ئەو کارە بکەن"

**ڕێپۆرتاژ: هەژێر ئارام - هەولێر**

# لە ماوەی 3 ساڵ زیاتر لە 35 ساڵی بەعس زەوی بە عەرەب دراوە

جاران ئەگەر ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست یەک مەتر زەوی لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتیش لە هەولێر بە عەرەب بدابوایە ئێمە زەختمان بەرز دەبۆوە، باڵانسمان تێکدەچوو، هاوارمان لێهەڵدەستاو دەمانگوت ڕژێمی بەعس دەیەوێ کوردستان بە عەرەب بکات.

کاتێک ماڵە عەرەبێک بەهەر هۆیەکەوە دەهاتە هەولێر دیسانەوە دڵگران دەبووین و دەمانگوت ئیدی ئەو عەرەبانە نارۆنەوەو شارەکەمان لێ داگیر دەکەن. باوەڕ ناکەم بە درێژایی سی و پێنج ساڵەی تەمەنی بەعس 350 پارچە زەوی بە عەرەب درابێ، لەوانەیە کەمتر یان زۆرتر بێ و من ئامارەکەی نەزانم، بەڵام حکومەتی هەرێمی خۆمان لە ماوەی سێ ساڵدا تەنیا لە شاری هەولێردا ئەوەندە زەوی بە عەرەب بەخشیوە کەپێوانە ناکرێ! ئەوەندە ڕێگەی بە خێزانی عەرەب داوە کە بێن و لە شارەکانی کوردستاندا خانوو بگرن و بکڕن و نیشتەجێ بن کە هەر ناژمێردرێن. ئاخر سەیر بکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەمیشە دەگوترێ بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ماندووبوونی تێکۆشەرانی کوردستانە، کەچی سەدان ماڵە شەهید بێ خانوون و لە خانووی کرێدا دەژین و زەویان پێنادرێ. هەزاران تێکۆشەری ڕێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان یان لە کەلاوەدا دەژین یان لە خانووی کرێدان کەچی حکومەتی هەرێم ئاوڕیان لێناداتەوە، ئەی باشە بەخشینی سەدان مەتر و دۆنم زەوی بە بەرپرسانی حزبە عەرەبییەکان و عێراقیەکان چی دەگەیەنێ؟؟ باشە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە کە کێشەو گرفتی بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکان و تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەخت چارەسەر بکات و لە ڕووی نیشتەجێبوون و ژیانەوە هاوکاریان بکات؟؟ هەر لانی کەم دەتوانێ 200 مەتر زەویان لە موڵکی گشتی پێبدات!

خەڵکینە وەرن سەیر بکەن حکومەتی هەرێم بڕیاری دەرکردووەو زەوی دابەش ناکرێ، بەڵام بە نوسراوی نهێنی و تایبەت زەوی نیشتەجێبون لەناو جەرگەی شاری هەولێردا بەسەر هەندێ عەرەب دابەش دەکات!!

خەڵکینە لەوانەیە زۆربەتان بزانن کە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرو ئەندامانی ڕێکخراوەکان چاوەڕوانی وەرگرتنی زەوی دەکەن، زۆربەشیان موستەحەقن و خاڵی تەواویان هەیە، هەندێک لەوانە چەند ساڵێکە بڕیاریان لەسەر دراوە کەچی بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت ڕاگیراون.

ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی ڕەزامەندی دابوو کە زەوی بەهەندێک کەس پێبدرێ، بەڵام بە بڕیاری سەرۆکی حکومەت ڕاگیراوە، هیواشیان نەماوە کە پێیان بدرێ.

خەڵکینە هەموومان دەبینین کە سەدان خێزانی هەژارو کەم دەرامەت لە کەلاوەو لە گۆڕستانەکاندا دەژین، کەچی بەرپرسەکانی حزب وحکومەت کۆشکی گەورەو ڤێللاو باخچە و کۆمپانیا لەسەر ئەو زەویانە دروست دەکەن کە حکومەت پێیان دەدات، خۆ زەوی کشتوکاڵ هەر باسی ناکرێ!

**کامەران هەولێری**

# دیاردەی کەم بونەوەی خوێندنەوە لەناو گەنج ولاواندا

لە ژیانی هەموو تاکێکدا خوێندنەوە کاریگەریەکی زۆر باشی دەبێت لەسەر ئەو کەسە لەروی فراوان بوونی بیرکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، بەڵام ئێستا لەناو گەنج ولاواندا دیاردەی کتێب نەخوێندنەوە لاوازی ئارەزوو کردن بەو کێشە گرینگە کە سەرچاوەیەکی باشن بۆ خۆرۆشنبیر کردن و بەرزبونەوەی ئاستی کەسایەتی ئەو تاکەی کۆمەڵ، خوێندنەوە بەشکی گرینگی هەموو تاکەکانی کۆمەڵە، هۆکارێکە بۆ بەهێزکردنی ڕاوبۆچون سەبارەت بە کێشە گرینگەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، چالاک بوون لە کارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام بەداخەوە ئێستا بەشێک لە گەنج و لاوان تارادەیەکی زۆر ئەم لایەنە فەرامۆش دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا گەنجانی دیکە هەن کە درێژە بە خوێندنەوەو خۆرۆشنبیرکردن دەدەن، بەڵام زۆربیان خۆیان بە شتە لاوەکیەکانەوە خەریک کردوە،**نەهرۆ محەمەد** فێرخوازی زانکۆ کەمی خوێندنەوە لەلای گەنجان بۆ نەبونی بواری کتێب دەگەڕێتەوە، هەروەها زۆری کەناڵە ئاسمانیەکانیش بە هۆکارێکی دیکە دادەنێ، ئەو پێیوایە کە گەنجان زۆربەی کاتی خۆیان لەگەڵ مۆبایل بەسەر دەبەن، بەڵام دیسانیەوە گەنجان حەز لە خوێندنەوەی کتێبی هەمەڕەنگ دەکەن.

**شیرین سالار** لە قۆناغی ئامادەی دەخوێنێ، دەربارەی ئەو کێشەیە گوتی"سەرەرای ئەوەی زۆری گەنجان حەزیان لە خوێندنەوەیە بەڵام سەرقاڵی و زۆری کیشەکانی ژیانی بۆتە بەربەست لە ئێستای گەنجان، ئەگەر شتێک بخوێنیتەوە زیاتر یان گۆڤارە یان ڕۆژنامەیە، بەڵام شتێکی ڕاستیش هەیە کە ئارەزووی ئەو کەسە بۆ خوێندنەوە کەوتۆتە سەر ئەوەی کە تا چەند ئەو کەسە ڕاهاتوە کە بخوێنێتەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەند بونی بواری ڕۆشنبیری ئەو کەسە تا چەند ئەو کەسە لە لایەن خێزانەکەیەوە پەروەردەیەکی وا کراوە کە هاندەری بێت بۆ خوێندنەوە چونکە خێزان بەردی بناغەی تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکات".

**هێمن ڕەشید** فێرخوازی زانکۆ لەم بارەیەوە گوتی" ئێستا لای گەنجان خوێندنەوە زۆر کەمبۆتەوە، ئەمەش وەک چاولێکەری دەیبینم، هۆکاری تریش بۆ دروست بوونی ئەم کێشەیە خراپی بەرنامە و پرۆگرامەکانی




خوێندنن لەم وڵاتەدا کە یارمەتی دەر نیین بۆ دروست کردنی تاکێکی تەندروست و تۆکمە بۆیە ئێستا گەنجان ناتوانن بخوێنەوە کە ئەمەش بۆتە دروست بوونی زانکۆیەکی مردوو، بەداخەوە توانای بەرهەم هێنانی کادری پرۆفێشناڵی بۆ بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵ نییە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە زانکۆ کۆپیەکی کۆمەڵگەبێت نەک شوێنی مەعریفەو زانست، لە هەموو جیهاندا زانکۆ لە پێش کۆمەڵگەوەیە، بەو مانایەی کە زانکۆ پێشرەوی کۆمەڵگە دەکات بەڵام لێرە بە پێچەوانەوە کۆمەڵگە پێشرەوی زانکۆ دەکات، کە ئەمانەش هەمووی بۆ کەمی ئاستی ڕۆشنبیری و نەخوێندنەوە لەلای گەنجان و لاوان دەگەڕێتەوە "

**کوردستان محەمەد** ئەویش باسی زۆرێک لەو هۆکارنە کرد کەوا لە گەنجان دەکات نەخوێننەوە.

ئەو گوتی: کاتێک خۆم بە خوێندنەوە خەریک دەکەم زۆرێک لە هاورێکانم پێم دەڵێن ئەوە تۆ خەریکی چی؟واز لە خوێندنەوە بهێنە! چیت بۆ دەکات و سودی چی هەیە؟! بۆیە دەڵێم زۆربەی گەنجان خوێندنەوەیان نییە و هۆکارەکەشی زیاتر دواکەوتوەی کۆمەڵگەیە، چونکە لەسەرەتای منالیەوە بۆ خوێندنەوە و ئاشنابوون بە هونەری خوێندنەوە ڕاناهێندرێین و دڵگەرم ناکرێن کە بەلای منەوە دروست کردنی کەسایەتی نا تەندروست لە پەروەردەی فێرگە و خێزانەکان دا سەرچاوە دەگرێ، ئەوانیش هۆکارێکن بۆ لاوازی خوێندنەوە لای گەنجان، بەڵام لە کۆمەڵگەکانی تردا دەبینین کە پەروەردەکردن گرینگیەکی تەواوی پێدراوە لە هەموو رویەکەوە بۆیە دەبینین کە تاکێکی دروست بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنن، کە بە دڵنیایەوە لایەنی خوێندنەوەشی زۆر باش دەبێت"

**فەرمان عەبدولرەحمان** گەنجێکی کتێب فرۆش بوو لە شاری سلێمانی کە تا پێنجی ئامادهی خوێندوە سەبارەت بەم دیاردەیە گوتی" بەراستی ئەگەر بڵێین گەنجان هیچ ناخوێننەوە ئەوە نا هەقیە، چونکە هەندێ گەنجی زۆر باش هەن ئەگەر بە ژمارەش کەم بن، بەڵام بەدوای کتێب و خوێندنەوەدان، ڕاستە بەگشتی لەناو گەنجاندا خوێندنەوە کەم بۆتەوە یان شتە تەرفیهیەکان دەخوێنەوە، من بەهۆی کارەکەمەوە هەستی پێدەکەم، لەوانەیە کەسێکی تر بە جۆرێکی تر لێی بڕوانێ"

**کەمال جەبار** توێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەو کێشەیە ڕای خۆی دیار کردو گوتی" خوێندنەوە جۆری جیاوازی هەیە، بە پێی ئاستەکانی ئەو کەسایەتیە دەگۆرێت، بەڵام خوێندنەوەی کتێبە بەناوبانگەکان دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی فکری و بیروبۆچونمان، هەروەها زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و قورس بوونی ژیان یان لایەنی مادی ئەو کەسە کە زۆر جار ڕێگریەکی گەورە لەبەردەم ئەو کەسە دادەنێت یان گرانی هەندێک لە کتێبەکان ، هەروەها لایەنێکی تر کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو کەسە بریتیە لە ئەو ژینگەیەی کە تیادا پەروەردە کراوە کە تاچەند لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و تێگەشتوەوە هاتووە

**سازدانی : ئارام حەسەن**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com